# ئایین و دیموکراسییەت

**بەختیار محەمەد**

**لەسوورەتی قەسەس- ی قورئاندا هاتووە و دەڵێ:** ((طسم (1) **تلك ايات الكتاب مبين** (2) **نتلو عليك من نبأ موسى و فر**عون بالحق لقوم يؤمنون (3) ان فرعون علا فى الارض و جعل أهلها شيعا يستضعف طائفة منهم يذبح أبناءهم و يستحي نساءهم أنه كان من المفسدين (4) و نريد أن نمن على الذين استضعفوا في الارض و نجعلهم أئمة ونجعلهم الوارثين (5) ...)). **ئەوەی لێرە بە ئاشکرا دیارە و پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە، کە گوتاری ڕەخنەیی ئەم چەند ئایەتە، هیچ پێوەندییەکی بە بیری (سەلەفی-تەکفیریی) ئایینییەوە نییە (ئەو بیرەی هەموومان دەزانین، بەر لەوەی دژایەتی دەسەڵاتی ستەمکار بکا، دژایەتی هەموو کۆمەڵگە دەکا)؛ بەڵکو ئەم گوتارە (گوتاری سورەتەکە)، گوتاری ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی ستەمی دەسەڵاتی سیاسییە.** (1) **ئێمە ئەمڕۆ ئەم گوتارە ڕەخنەییەی ئایین، لە شۆڕشە جەماوەرییەکانی جیهانی عەرەبدا دەبینین. هەمووشمان دەزانین، کە ئایین لەم شۆڕشانەدا بووەتە هێزی ئیرادەی خەڵك، دژ بە هەموو دەسەڵاتە ستەمکارەکان. ئەم شۆڕش و خۆپیشاندانانە، بوونەتە سنووڕێکیش لە نێوان ڕێبازە سیاسی و فیکرییە میانڕەو و توندڕەوەکانی ئاییندا؛ لە نێوان گوتاری ناعەقڵانی سەلەفییەکاندا و گوتاری عەقڵانی ئیمانی زۆربەی خەڵکدا. لێرەشدا ئایین لە چوارچێوەی ئەم ئیمانەدا، وەك هێزێکی عەقڵانی چاکەخواز خۆی دەنوێنێ. ئێمە دەشبینین، هەر چەندە ئەم بەشداریکردنە میانڕەوە عەقڵانییەی ئایین فراوانتر و کاریگەرتر بێ، هێندەش بزووتنەوە سەلەفی و توندڕەوەکان لە کۆمەڵگەدا، بێ دەنگترو گۆشەگیرتر دەبن (بەراوردێکی نێوان بەشداری ئیخوانەکان وەك هێزێکی میانڕەو و دوورە پەرێزی و بێ دەنگی قاعیدەش، وەك هێزێکی تەکفیری تیرۆریست، لە گەردەلوولی شۆڕش و خۆپیشاندانەکاندا بکەن !). لەمەشەوە پێدەچێ، کە لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا، هەموو هێزێك لە کۆمەڵگەدا بیەوێ خۆی ڕیفۆرم بکا؛ ئایینیش یەکێکە لەو هێزە کۆمەڵایەتییانە (پێشم وایە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا، باشترین هەڵوەستی ڕیفۆرمخوازانە و شۆڕشگێڕانەی ئایین {یانیش بزووتنەوە ئیسلامییەکان} ئەوەیە، کە لە دژی پێشکەوتنە مەدەنی و دیموکراسییەکان ڕانەوەستنەوە)؛ کەواتە دەشێ ئایین هێزێك بێ پاڵپشتی گۆڕانکارییە دیموکراسییەکان بکا؛ ئەمەش خۆی لەخۆیدا بنەمایەکە بۆ ڕیفۆرمی ئایینیی. لێرەشدا بە دەرکەوت، کە خەڵك بە پاڵپشتی ئیمانی ئایینیی قووڵی خۆیان و دوور لە هەراو سەفسەتەی بزووتنەوە ئیسلامییە تەقلیدی و توندڕەوەکان، زۆر باشتر دەتوانن نارەزایی و شۆڕشە هاوچەرخە ئاشتیخواز و دیموکراتیخوازەکان بەرپا بکەن؛ بۆیەش بە لۆژیکی عەقڵانی ئایین (ئەو لۆژیکەی لە بنەڕەتی خواپەرستییدا هەیە)، خودا ڕێمان نیشان دەدا بۆ ئازادی، نەك بۆ کوشتنی ژیان. دەستەواژەی ((اللە اکبر، اللە اکبر))، کە هەردەم خۆپیشاندەران و شۆڕشگێڕانی عەرەب ئەمڕۆ لەسەر زاریانەو دەیلێنەوە، ئەمە دەگەیەنێ. لێرەشدا ئەم شۆڕشانە بە تەواویی پێوەندییەکی ڕۆحییان، نەك سیاسییان بە ئایینەوە هەیە.** (2) **ڕاستییەکەی ئێمە دەبێ ئایین لەو تێگەیشتنە دۆگما سەلەفییە ڕزگار بکەین، کە سەدان ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنێ و**

هەمیشەش هەوڵ بدەین، لەگەڵ گۆڕانی سەردەمە جیاوازەکاندا، ڕۆحێکی نوێی سەردەمانەی پێ ببەخشین. بەم شێوەیەش ئایین نۆرەی عەقلانی- مێژوویی خۆی دەبینێ؛ ئا بەم جۆرەش ئیمان دەبێ هێز بێ بۆ ژیان، نەك بۆ مردن. ئێمە هەموومان دەزانین، کە هەمیشە مردن لە دوای ژیانەوە دێ، ئەمە فەلسەفەی خوڵقاندنی ژیانە؛ پرەنسیپەکانی باوەڕی ئاییینیش هەر وامان پێ دەڵێن: سەرەتا ژیان هەیە، ئنجا مەرگ هەیە، دواییش دیسان جارێکی دیکە ژیانەوە هەیە؛ کەواتە لە باوەڕی ئاییینیشدا، مەرگ پردێکە لە پێناو پەڕینەوەی بەردەوامی ژیاندا. لە شۆڕشەکانی ئەمڕۆی گەلانی عەرەبیشدا، ئایین بریتییە لەم پەیامە؛ ئەو پەیامەی، کە بە واقیعی پێمان دەڵێ: کۆمەڵگەی دیموکراسی، دەتوانێ ئایین لە چنگی دوو هێزی تەقلیدی ڕزگار بکا؛ ئەوانیش: دۆگمای توندڕەوی و دیماگۆگیەتی دەسەڵاتی سیاسییە. بەو پێیەش دەشێ، نە ئایین دوژمنی مۆدێرنەو عەلمانییەت و دیموکراسییەت بێ، نە ئەم سێ ڕەگەزەش دوژمنی ئەو بن؛ کەواتە ئەمڕۆ لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئێمە دەبێ بۆ بەها مەزنەکانی وەك ((ئازادی و داد پەروەری و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ...)) تێبکۆشین؛ ئەمەش ئیرادەی هاوبەشی هەموو خەڵکێکی دیموکراتیخواز و مەدەنییە. لێرە پێم خۆشە ئەوەش بڵێم، کە مانای دیموکراسییەت لە چوارچێوەی کەسایەتی تاکدا (وەك خەسڵەتێکی گرنگ)، پێویستی بەوەیە، کە خۆپەرست نەبین. ئەم حاڵەتە بە تایبەتی لە تاکی سەرکردەدا زۆر بە زەقی بە دەردەکەوێ و بە خرا پیش لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. دەشێ بڵێین، هەموو تاکێکی خۆپەرست دیکتاتۆرە، هەموو خۆپەرستێکیش لە دەرەوەی خودی خۆی، کەسی دیکەی خۆش ناوێ. خەسڵەتێکی خۆپەرستەکان ئەوەیە، کە دەسەڵاتخواز و خۆسە پێنن. هەمیشەش بیانوو بەم و بەو دەگرن، چونکە ئەوان بڕیاریان داوە هیچ کەسێکی دیکە لە ژیانی خۆیاندا قبووڵ نەکەن و لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکەشدا بە ئاشتی نەژین. لەبەر ئەوەش دیکتاتۆرەکان جەنگ دژ بە هەموو کەسێك بەرپا دەکەن، کەواتە ئێمە دەبێ لە هەموو خۆپەرستێك بترسێین، کە لە ئایندەدا ببێتە دیکتاتۆرێکی مەزن. مرۆڤی خۆپەرست هەمیشە پڕە لە وەهم و خەیاڵ: وەهم و خەیاڵی خۆ بە گەورە زانین و مەیلی زۆری ڕك لێ بوونەوە لەوانی دیکە. بەم شێوەیەش حاڵەتی خۆپەرستیی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە، فراژی دەبێ و بالا دەکا. دیکتاتۆرەکانیش ئەو خۆپەرستانەن، کە دەیانەوێ هەموو ئەوانی دیکە لە بۆتەی ئیرادەی کەسایەتی ئەواندا بتوێننەوە؛ ئەمەش خواستی دەسەڵاتی ڕەها و حاڵەتی ((شێتی مەزنایەتی)) بەرهەم دەهێنێ. هەر لێرەشەوەیە، کە دیکتاتۆرەکان حەز دەکەن وەك هێما، دەسەڵاتی خوا بە دەست بهێنن؛ بێ گومان ئەم دەسەڵاتە لە ڕەفتار و گوفتاریاندا بەدەر دەکەوێ. بەم شێوەیە دیتمان، کە کەسێکی وەك قەززافی، دروشمی ((خودا و موعەمەر و لیبیا))ی بەرز کردبۆوە و کردبووی بە پرەنسیپی تیۆری و کردارەکی فەرمانڕەوایی ڕژێمەکەی؛ ئێمە لەم دروشمەدا، جددییەتی وەهمی کوشندە و جددییەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت و خۆپەرستێکی جددی دەبینین. ڕاستییەکەی ئەم حاڵەتە، بێجگە لە نەرجسییەت و خۆپەرستییەکی قووڵ، هیچی دیکە نییە، کە لە کەسایەتی سەرکردە دیکتاتۆرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و بە دەردەکەوێ؛ هەر بە هەمان شێوەش کەسایەتی هیتلەر و ستالین و مۆسۆلینی و سەدام ...، نموونەی زیندووی ئەم حاڵەتە بوون. بە هەرحاڵ، لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکان لە هەندێك وڵاتانی عەرەبیدا (بە نموونە: لیبیا و تونس)،(3) شیمانەی مەترسییەك لە ئارادایە؛ ئەویش مەترسی بالا دەست بوونی

ئایینە لە ژیانی سیاسیدا و قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسییە لە لایەن هێزە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە؛ ئەم مەترسییە، مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و دەبێ هەموو کەسێکی دیموکراتیخواز و ئازادیخواز لێی ئاگادار بێ و لێی بترسێ ! بەڵام لە ئاکامدا ئێمە هیوادارین، کە هەموو هێز و لایەنە ئیسلامییەکانیش ببنە بەشێك لە پرۆسەی بینا کردنی دیموکراسیانەی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا؛ ئەمەش لە ڕاستیدا دەبێ ئامانجی سەرەکی هەموو شۆڕشێکی دیموکراتیخوازانە بێ؛ کەواتە دەشێ ئایین لە ناو پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگەدا، هێزێکی کۆمەڵایەتی ریفۆرمخواز بێ. دیارە لە دنیای ئێمەشدا سەردەمی ئەوە هاتووە، کە حەقیقەتی دیموکراسییەت هەموو لایەکمان و هەموو لایەنە ناکۆکەکان، فێری دایەلۆگ و پێکەوە ژیان بکا: پێکەوە ژیانێکی دیموکراسییانەی ڕاستەقینە.(4)

--------------------------------------

**پەراوێزەکان:**

1- هەڵبەت لە گوتاری قورئاندا، کەسایەتی فیرعەون، هێمای دەسەڵاتێکی سیاسی ڕەهای ستەمکارە.

2- دیارە لێرەدا مەرجیش نییە هەموو جارێك، چەمکی ((الله اکبر))، مانا حەرفییە میتافیزیکییەکەی ئایین بگەیەنێ، بەڵکو دەشێ هێمای قەرەبوو کردنەوەی هێزی ئیرادەی خەڵك بێ، لە بەرانبەر جەبەروتی هێزی دەسەڵاتدا؛ واتە هێمای هێزێکی ئاشتیخوازانەیە، لە بەرانبەر هێزی شەڕانگێزانەی دەسەڵاتدا. ئێستا لە لای جەماوەری ڕاپەڕیوی عەرەب و گەلانی ئەم ناوچەیە (بێ گومان لە لای زۆرینەی خەڵکی ئیمانداردا)، چەمکی ((الله اکبر)) ئەم مانایەشی هەیە؛ دەشێ ئەمەش سەرەتای مانای پرۆسەی ڕیفۆرم بێ لە وەزیفە ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتییەکەی ئاییندا.

3- ئەمڕۆ دیتمان، کە لە میسر و تونسدا ئیسلامییەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا؛ دیارە ئایندەی نزیکیش پێمان دەڵێ، کە ئاخۆ لەم هەلومەرجە نوێیەی ناوچەکەدا، تا چەند ئەم هێزە ئیسلامییانە، کاتێك کە دەسەڵات دەگرنە دەست، بە فیعلی و بێ پێچ و پەنا، باوەڕیان بە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت دەبێ؟ تۆ بڵێی ئەوانیش هەر وەك دیکتاتۆرییەتە بەناو عەلمانییەکانی دوێنێ، هەمان ئەزموونی سیاسی فاشیستانە لە ڕاست گەلەکانیاندا و لە ڕاست کەمە نەتەوە و نەتەوەکانی دیکەدا دووبارە نەکەنەوە؟ تۆ بڵێی ئەوانیش وەك کودەتاچییەکانی دوێنێ، بتوانن جارێکی دیکە دەسەڵاتی تاکڕەوی و ڕەها بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن؟ ئایا ئەگەر نیازێکی وەهاشیان هەبێ، بەڵام قۆناغەکە لەبارە بۆ ئەم ئیرادە دیکتاتۆرانەیە؟ پێدەچێ وەڵامی ئەم پرسیارانە، هەر چ نا بۆ ئێمە، بە (نا) بێ، چونکە (ئەگەرچی ماهییەتی ئیسلامییەکان لە بنەڕەتدا، ماهییەتێکی نادیموکراسییانەیە)، بەڵام تازە ئیدی هۆشیاریی و خواستی دیموکراسییەت لە ناوچەکەدا، بووەتە حەقیقەتێکی سیاسی گەورە، بۆیە بەر گرتن بەم خواستە بووەتە شتێکی ئەستەم.

4- بەرژەوەندی دەسەڵات، گەمەیەکی ماکیاڤیللیانە لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی چەمك و وشەکانیشدا دەکا. ئەوەتە لەم ڕۆژانەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی پارتی، درۆی بێ پەردە و گەورە بە ناوی چەمکی ((پێکەوە ژیان)) دەکەن. پێشدەچێ ئەوەی مێژووی واقیعی پێکەوە ژیان لە نێوان ئایین و نەتەوە

جیاوازەکاندا تێك بدا، بەر لەهەر شتێك، بەرژەوەندییەکانی حزبی دەسەڵاتدار بێ ( لە هەمان کاتدا ئەوەش دەزانین، کە گوتاری توندڕەوی ئیسلامی تەقلیدیی زۆر حەزی بەم پێکەوە ژیانە نییە، چونکە ئەوان بانگەشەی بە ئیسلام بوونی هەموو بەشەرییەت دەکەن، ڕەنگە لەم پێناوەشدا توندو تیژیی بەکار بهێنن، ئەمەش دیارە دژ بە پرەنسیپەکانی حاڵەتی پێکەوە ژیانە لە کۆمەڵگەدا ). بە هەرحاڵ، پێدەچێ ڕووداوەکانی لەم ڕۆژانەی لە دەڤەری بادینانداندا ڕوویان دا سیناریۆی ترسناك بن، کە حزبێکی دەسەڵاتدار دژ بە دیموکراسییەت دایاندەنێ، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و مێژووی دیاردەی پێکەوە ژیان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا. بێ گومان هەر دەسەڵاتێکیش لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا باوەڕی بە دیموکراسییەت نەبوو، ئەوا دەشێ پەنا بۆ داڕشتنی سیناریۆی ترسناکیش ببا؛ هەموومشمان دەزانین، کە مێژووی دەسەڵاتی سیاسی ئێمە پڕە لەم جۆرە سیناریۆیانە. گرفتەکەش ئەوەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە هەمیشە کەش و هەوایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبار هەیە بۆ حاڵەتی توند و تیژیی؛ هەمیشەش گوتاری سیاسی و گوتاری باڵادەستی ئایینیی، دنەی ئەم توند و تیژییە دەدەن.